# دوعای پاکیزە و مەرگی خودا...نوقمبونەوەی کورد لە توندوتیژیدا

**هەردی مەهدی میکە**

Hardi_mahdi@yahoo.com



**(بەرلەوەی فاتیحایەك داخەین بۆ دوعا با هەزاران فاتیحە بۆ کۆمەڵگە دوبارە بکەینەوە)**

بە درێژایی مێژوو زۆرینەی پێدراوە مێژوویەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەو راستیەمان بۆ دوپاتدەکەنەوە کە مرۆڤی کورد بەرلەوەی هەر خودایەك پەسەندبکات و دواکەوتەی ئاینەکەی بێت، خودا و تەواوی جوانیەکانی ئاینەکەی دەکوژێت، لێرەوە دەکرێت بە تازیەباریەکەوە ئەو راستیە رابگەیەنینەوە کە کورد گەلێکە لە ژیاندا بۆ مەرگدۆستی دەژی و لە نێو فەرمانی خوداکانیشماندا تەنها فەرمانە مەرگهێنەکانیان لە توێی کلتورەماندا ماوە، رەنگە گەلی دیکەش هەبێت وەك ئێمە بێت، بەڵام ئەوە ئێمە نین لەو گەلانەبین خودای بە میهر و کۆمەڵگەی ناتوندوتیژ و مرۆڤی ژیاندۆست بەرهەمبهێنین، وەك ئەوەی هیندیەکان گاندیان بەرهەمهێنا و گاندیش ئەوانی بەرهەمهێنایەوە و سوجدەشی بۆ "مانگا"کەی خۆیان بردەوە.

بچوککردنەوە و وننکردنی وێنای راستەقینە و تەفسیرکردنی دروستی مەرگی تراژیدی دۆعا ئەو کاتەیە کە ئەم کارەساتە ببەستینەوە بە ئاینێك و تەوری ئەو ئاینە بەرزکەینەوە و بڵێین ئاین دۆعای پاکیزەی کوشت وەك ئەوەی ئەمڕۆ کۆمەڵگە و تەواوی کۆمەڵگە دەیەوێت بڵێت ئاین ئەم کارەی کرد وەك ئەوەی تەنها لەناو ئێزیدیدا بە بلۆك سەری مرۆڤ پانکرابێتەوە بیرمان چووە چەند ساڵێك لەمەوبەر سەری سەدانمان پانکردەوە و بگرە هیچ ئیدانەشمان نەکرد.

راستیەکەی ئەوە یەکەمین کارەسات نیە وا ئەمڕۆ ئێمە لە مۆبێلەکانمان و سایتەکاندا بەڕونی دەیبینین، بەڵکو مەرگی ئەو دوایەمین مەرگە ئەمجارە بە ئاشکرا دەیبینین تەنها جیاوازی مەرگی ئەم لەگەڵ ئەوانی دیکەی قوربانیدا ئەوەیە کە تەکنەلۆژیا ئەمڕۆ ئەو میکرۆسکۆب و فلتەرەبوو کە کوشتار و توندوتیژیەکانی بۆ خستینە سەر شاشەکان، ئەو تەنها بۆی ئاشکراکردین. مەرگی ئەو تەنیا ئاشکرا تربوو بۆ ئێمە و هیچیتر، سەدان ساڵە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو سیستمە حکومەت و هۆز و خەڵك و ئاینەکانیشمان بەڕێوە دەبەن، لەمڕۆدا ئاین و خۆمان و حکومەت و خودا و عەشرەت و سەرۆك و ژیانمان بە "کوردی" کردوە کە هاوڕێی توندوتیژیەکی دوردرێژە لە مێژوماندا.

بە بڕوای ئێمە خوێندنەوەی دروست بۆ ئەم کارەساتە لەوێوەیە کە رەگوورِیشەی کارەساتە توندوتیژیەکانی رابردووی ئێمە شیبکرێتەوە، چونکە دوعا دوایین ئەنجام و کۆتا ئەنجامی کارەساتهێنەریش نابێت، رابردووی ئەم کۆمەڵگەیە لێوانلێوە لە مەرگ و مەرگدۆستی، هەڵەی گەورە لەوەدایە کە بڵێین مەرگی دوعا ئاینی ئێزیدیەت کردویەتیە فەرمان و بڕیاری خودایە، نا ئەوە فەرمانی خێڵ و کلتوری توندوتیژ و پێکهاتەی سایکۆلۆژی ئەم کوتلە کۆمەڵایەتیەیە کە کوردە و هەموو رۆژێك خودا دەکوژێت بەرلەوەی فەرمانەکانی جێبەجێبکات، بەرلەوەی گوێڕایەڵی خودای ئاینەکان جێبەجێبکات هەموو جوانیەکانی ناو ئەو خودایە دەکوژێت.

مەگەر کارەساتەکانی کوشار لە سەر شەرەف و سوتان و جەنگی هۆزەکان و شانازیەکانی بنەماڵەگەرێتی و توندوتیژیەکانی جەنگی ناوخۆ و پانکردنەوەی سەری کورد بەدەستی کورد و سەربڕینەکان هەر کورد نەبوون، خۆ ئەوانە ئێزیدی نەبوون بەڵام کوردبوون، بۆیە بچوکترین و ئاشکراترین راستی ئەوەیە کە پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی کورد پڕیەتی لە توندوتیژی، رەنگە پێشمەرگە و مەلا و ئایندارەکان ئێزیدی نەبن و حکومەت سەراسەر ئێزیدی نەبن بەڵام هەم ئێمە و حکومەت و مەلا وهۆز و خێڵەکان و موسڵمان و ئێزیدیەکانمان کوردین بۆیە ئەم توندوتیژیە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگە بەرهەمهێنەری کارەساتەکەیە نەك خودا، ئەمڕۆ تاوانکارەکانی ناوکورد لەپەنای خودا و پرنسیپە ئاینی و بەها ئەخلاقیەکاندا خۆیان دەشارنەوە، بەڵام راستی نا بەرلەوەی ئەوان فەرمان بکەن ئەوە ئێمەین لە مەرگی سەدان دوعای ئەم وڵاتەوە بە خۆمانی دەسەلمێنین خودا راودەنێین و جوانیەکانی دەکوژین و میهرەبانی دەتۆرێنین و ئاین و ئەخلاق بەرلە هەموو شتێك دەکوژین و لەسەر گۆڕەکەشیان دەگرین گوایە لە پێناوی ئەواندا مەرگهێنەرین.

لێدوانەکانی شێخی ئێزیدیەکان ئەو راستیەی زیاتر بۆ دوپاتکردینەوە ئەوە پەیوەندی بە دۆخی کۆمەڵایەتیەوە هەبووە و نەریت دۆعای کوشتوە، بەڵام ئەسەڤ گەورە ئەوەبوو ئەم شێخە بە هیچ شێوەیەك فەرمانی حەرامکردنی ئەم کارەساتەی رانەگەیاند، کارەساتەکە لێرەوە دەست پێدەکات کە بەر لەهەموو کەس گەورەکانی وڵاتی ئێمە لەگەڵ پیادەکردنی ئەم ریتمەن، یان لانیکەم هیچ کارێك بۆ بنەبڕکردنی ناکەن.

چی لەوەش زیاتر و ئاشکراترە کاتێك لە دوا رووداوەکاندا پاش کوشتنی دوو هاولاتی لە ئۆتێلێکی هەولێردا لەبری ئەوەی حکومەت بەئەرکی خۆی هەستێت لە کاتێکدا بکوژەکان ئاشکران ، بەلام بەداخەوە سەرۆکی هەرێم فەرمانی ئەوە دەردەکات و داوای سوڵحی عەشایەری لە هەردوو بنەماڵە دەکات. چەند ساڵێك بەرلە ئێستاش "نامەی سەرۆك کۆمار"مان بینی پاش ئەوەی دادگا کێشەیەکی یەکلاییکردبویەوە بەلام سەرۆك کۆمار فەرمانی چارەسەری عەشایەری دەرکرد، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێویستە و ئەرکی گەورەی سەرشانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆمار هیچ نیە جگە لەوە جڵەوی یاسا بەهێزبکەن و پشتبکەن لە یاسای نەریتەکان کە مەرگ دوپاتدەکەنەوە، لێرەوەیە کە دەڵێین بەردەوام مەرگ بەرهەمدێنینەوە و خەونی هاوچەرخانەی دەنگە مەدەنیەکانیش دەکوژین.

مەرگی دوعای پاکیزە تەنها مەرگێك نەبوو کە دوعا رەوانەی دۆزەخ بکرێت و ئیتر خودا و شێخ و هۆز و کورد شەرافەتمەندانە لە تاقی ژیانی کەرامەتدرانەدا دانیشنو پێکی پیاوەتی هەڵدەن، بەڵکو مەرگێك بوو زیاتر و زیاتر کۆمەڵگەی کوردی کوشتەوە بۆ جارێکی تر و پێی وتین: نا نەخودا و نە مرۆۆ و نە دوژمن و هیچ کەس هێندەی کورد توند نیە، مەرگی دوعا تەنها فاتیحا داخستنێکی ئێزیدیانەی ناویٚ، ئەوە دوعاش نیە کە کێلی قەبرەکانی بۆ قوتبکەینەوە، بەڵکو مەرگی ئەو سواخکردنەوە و تازەکردنەوەی کێلی گۆڕی مەدەنیەت و ژیانێکی ناتوندوتیژە کە کۆمەڵگەی کوردی خەونی پێوە دەبینیٚ، توندوتیژییش ئەو ژیانەی کە لای ئێمە چەندین سەدەیە دورو درێژو رۆچووە لە مێژوودایە، مەرگی ئەو مەرگی ئەو خەونەیە کە کورد وەك مرۆڤی هاوچەرخ بژی، بۆیە دوای مەرگی پاکیزە ئێزدیەکەمانەوە، ئیتر سەردەمی ئەو قسەیەش کە دەمێکە بەسەرچووە و زیاتر بەسەر دەچیٚ کە بڵێین توندوتیژی پرۆسەیەکە لە دەرەوەی کوردەوە دەهێنریٚ بۆ ناوکورد.